# سەنگەرێک و چەکێکی پووچ

## پۆڵا سەعید

پەندێکی یابانیی دەڵێ " هیچ ڕێگایەک دوور نییە، ئەگەر هاورێیەکت لەگەڵ بێت" بۆیە لەناو کۆمەڵگاشدا بە بەردەوامیی ڕێگای سەخت و هەڵەمووتی چیا و کونج و کەلەبەر دێنە ژیانی مرۆڤەوە، بۆ سەرکەوتنیش بەسەر ئەو ڕێگایانەدا مرۆڤ دەبێت ماندوو نەناس بێت و خاوەنی هاورێیەک بێت. هاورێیەک بە مانای وشە هاوشانت بروات دنە بە دنە و بەرد بەرد لەگەڵت ببرێت. لە شەستە و رەهێڵە و تۆفان و کرێوە و گەرمادا لە تەکت بێت. سەمەرەکانی ئێستای جیهانی ململانێ، لە ناوکۆمەڵگای کوردییدا لەوەدایە کە ڕۆژ بە ڕۆژ وەکوو درک بە کەوای کەسێتییدا دەنووسێن. دەق لە جیهانی ڕەخنەدا گرنگیی نامێنێت لای کەسانێک کە توانای بەرەنگاربوونەوەیان نەبێت. چەکوشی دەستی ئەو جۆرە کەسانە چەکووشێکی کلاسیکیی سەرەتای ساڵەکانی پەنجاکانە، کە دەیانەوێت بەو شێوازە سەر لە خۆشیان و لە جەماوەریش بشێوێنن. خەڵکانێک کە دەهۆڵی دیموکراسیی لێدەدەن و فریان بە جیهانی دیموکراسییبوونەوە نییە، بگرە ئێستاش لەناخی تێکەڵوپێکەڵی خۆیاندا سەنگەرێکیان بە چەکێکی پووچەڵەوە بۆ پێکدادان دروستکردووە. ئەم جۆرە کەسانە لەژێر فشاری کاری ڕێکخراوەییی و ڕێکخستندا دەیانەوێت نیازە ناشرینەکانی خۆیان بگەیەنن بە ئەنجام. هەمانکات بۆ شاردنەوەی هەستکردن بە کەمێتیی خۆیان پاڵ دەدەن بە کێلی گۆڕی پیاوێکی گەورەوە. ڕێکخستن لە ناوژیانی کۆمەڵگادا بە یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی بەرێوەبردنی ژیان دەناسێنرێت. ڕێکخستن لە هەر کارێکدا نەبوو پاداشتێکی باشی نابێت. لەناو ڕێکخراو و لایەنە ڕامیارییەکانیشدا ئەوی شارەزای جیهانی ڕێکخستن نەبێت ناتوانێت بە فراوانترین هۆش و مێشکەوە لێکدانەوە لەسەر ڕووداوەکان بکات. ڕەخنە لەناو ژیانی ڕێکخستندا بە پلیکانەی داهێنان و گۆران دەژمێردرێت، دوو کار زۆر گرنگە مرۆڤ بتوانێت چ لە ژیانی ڕۆژانەیدا و چ لە ژیانی ڕێکخراوەییدا لێکیان جوداوە بکات. یەکێکیان دەروێشایەتییە ئەویتریش هاوئاهەنگییە. هاوئاهەنگیی لە ڕێکخستندا بە دڵی ڕێکخستنەکە دادەنرێت، بۆیە دەبێت بە بەردەوامیی ئەندامانی ئەم ڕێکخستنە بە هۆش و سەلیقە و لۆگیک لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی یەکدیدا بن بۆ بەردەوامیی پێدانی ژیانی ڕێکخراوەییان. دەروێشایەتیش ئەوەیە کە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە فوندامێنتالیستانە تەماشای ڕێکخراوەکەی خۆیان بکەن و بوون بۆ هیچ ڕێکخراوێکی تر دانەنێن و بە دەف و هاوار هاواری خۆشیان نەبێت بە سەلای هیچ لایەکی تر حاڵ نەیانگرێت. ئەمانە بێجگە لەوەی دژی دیموکراسیی بوون و دژی کۆمەڵگای هاوولاتیی بەرانبەر دەبنەوە، بەڵکوو دەبنە فاکتەرێکی بەهێز کە باوەڕ لە دڵی جەماوەریشدا بفەوتێنن، دەبنە هۆی ئەوەی کە وەک بایەکی تەزیووی پاییز گەلای سەوزی جەماوەر لە دەوری ئەو ڕێکخراوە خەزان ئاسا بوەرێنن. ئەو چەکەی ئەو جۆرە خەڵکانە دەیکەنە شانیان ئیمرۆ چەند موختارکوژێک دەتوانێت پێستی ناسکی دڵی

شاعیرێک زامدار بکات هەرئەوەندەش ئەو چەکە ئیمڕۆ کار دەکات. کێشەکە لەوەدایە کە زۆر جار لە نەزان وایە زۆر زانایە، هەر بۆیە بەو نەزانییەی خۆیەوە دەدوێت و کاتێک دەزانێت چەند دوژمنانی لایەنەکەی بۆیانکراوە خەڵکانێک و جەماوەرێکیان لێبکەن ئەویش بەو نەزانییەی خۆی وەک ئەوان قسوریی لێ نەکردووە، ئەم جۆرە خەڵکانەش بەو ڕەفتارە دەڵێن خەبات. مرۆڤی زانا و هۆشیار سەنگەرێکی زانستییانە هەڵدەکەنێت و بە چەکی پێنووسەوە نیشانە لە بەرانبەرەکەی دەگرێتەوە، بە گوللەی تێژ سەری وشە بە وشەی دەق هەڵدەگرێت و دەیخاتە نێو قەفەزی ڕەخنەوە. هەمانکات ڕەخنەگر وەک پیشەیەکی زانستییانەی خۆی لە گۆمی ویژدانیدا مەلە دەکات. لێرەدا نە ڕەخنە لە سنوری دەستەڵاتی ئەکادیمیای خۆی لادەدات، نە ڕەخنەگریش ڕەوشتی مۆراڵانەی خۆی لە کیس ئەدات. مرۆڤی نەخوێندەوار و نەزان سەنگەرێکی کلاسیکییانە هەڵدەکەنێت و بە چەکی بووختان و جنێو و ئابڕوو بەرانبەرەکەی دادەکووتێتەوە. جەماوەری ئەم جۆرە چەکانەش وەک پیشەی هەمیشەیی و" کۆمەڵی ئۆباڵ بەو گەردنەم ڕاستدەکەی" دەرویش ئاسا دروشمە کلاسیکییەکان ئەڵێنەوە و هەموو پێکەوە حاڵی ڕق و کینە دەیانگرێت. پێشنیارم بۆ سەربازی سەراپای کەللە بە ڕق داپۆشراو ئەوەیە کە پێشتر لە ژیانی پێشمەرگایەتیی و عێراقچێتییدا لەبەر جگەرە کێشان کاتیان بۆ خوێندنەوەی هیچ دەق و نووسراو پەرتووکێک نەبووە، ئێستا لەژێر سایەی سێبەری هەندەراندا لەو باوەڕەدام کاتیان زۆرتر بێت، بەمەرجێک ئەگەر ویستیان هەبێت قۆڵی لێهەڵبماڵن و ناوی عێراقی لێبهێنن و دەست بکەن بە خوێندنەوە هەتا کەمێک خۆیان هۆشیار بکەن ئەوسا بێن بەرەنگاری دەق ببنەوە. چونکە هەتا ئێستا ئەو سەربازانە نەخوێندەوارن و کاتێک نووسراوێک دەخوێننەوە لە ناوەڕۆکەکەی ناگەن. جا ئەی سەربازی ڕق و کینە هەوڵبدە چەکێکی دی بکەیتە شان کە ئیمڕۆ پێی یەژن چەکی پێنووس و هەمانکات فێربە سەنگەرێکی پڕ لۆگیک هەڵبکەنیت ئەگەر ویستت کەسێکی بەرانبەرت بە ناخی زەوییدا بەریت. تۆ هێندەی زیانت بۆ دەوروبەرەکەت و ڕێکخراوەکەت هەیە تۆزقاڵە زەڕەیەک چییە سوودی پێناگەیەنیت وەک پێشتریش سوودت پێ نەگەیاندووە. نێوەندی تۆ و هۆشیاریی زەویی و ئاسمانی جیاوازە چاکترە خۆت بە کاری سیخووڕییەوە خەریک بکەیت باشترت لێ دێت.

یەکی خاکە لێوەی 2704